

باران داستان بەرزان

# خاڵەکانی سەر جەستەت لەم شیعرەدا دەبن بە گوڵ



پەردەکە دامەدەرەوە
با لەبەر هەتاوەکەدا پاڵبکەوین
من بەبێ پەردە و
بە هەتاوەوە خۆشمدەوێیت.

پێستت بە پێستمەوە بنووسێنە
با ئارەقەت هەستپێبکەم
تامت بچێتە دەممەوە.

ستایشی مووەکانی سەر سنگم بکە
ستایشی پرچت دەکەم
کە کلاسیکییانە پەڕش و بڵاوە.

ستایشی سێکسەکانم بکە
ستایشی مەمکەکانت دەکەم
کە دەبینم لە تاریکییەکەدا گڕدەگرن.

من بەبێ تێل خۆشمدەوێیت
بەبێ نێت و دوگمە
دەمەوێت بەر گەرمایی هەناسەت بکەوم
بەر لیکی دەم و
ددانەکانت.

شیعر

من بەبێ کۆندۆم خۆشمدەوێیت
بەبێ کلیک و ئینتەر
دەمەوێت دەست لە مووە تازە هاتووەکانی بەرت بدەم
بەر تەڕایی نێوان ڕانەکانت بکەوم.
خاڵەکانی سەر جەستەت دامەپۆشە
لێگەڕێ بە ژوورەکەدا بفڕن و
بە لێواری بوتڵی شەرابەکەوە ببن بە گوڵ.

لەبەردەم ڕووانینمدا دابنیشە
بۆ ئەوەی مانگ بێتە سەر سەرمان
دەموچاومان بە تریفە بشۆین.

من لە زۆر شتەکانی ئەم ڕۆژگارە بێزارم
لە ماچی سەفەری
سێکسی سەفەریی
خەوتن و هەناسەی سەفەری.
پیاسە و عیشقی سەفەری
هاوڕێی سەفەری.
لە پێکەنین و گریان
لە هەڵهاتن و دانیشتنی سەفەری
مەستی و فڕینی سەفەری
ژن و پشیلەی سەفەری
منداڵ و خەیاڵی سەفەری



میوە و ئازادی سەفەری
باران و سەوزایی سەفەری
من بێزارم لە زۆر شتەکانی ئەم ڕۆژگارە.

غەمگینی ئێوارەکانی ساڵی (2025)م
دەزانم بەبێ تۆ دێن
بە ناو سەرمدا تێدەپەڕن و
خۆریان لە چاوەکانمدا دەکوژێنەوە.
دڵگرانی شەوەکانی ساڵی (2035)م
بە تەنیا لەبەر پەنجەرەکەدا پاڵدەکەویت
بە دیار ناومەوە کە  لەسەر جەستەت بەجێماوە
بە دیار بۆنمەوە کە لە نوێنەکانت دێت
بە دیار هەناسەمەوە کە لە ژوورەکەتدا بەستوویەتی
بە دیار شوێن پێیەکانمەوە کە لە بەردەرگاکەتدا وشکبوونەتەوە
بە دیار شیعرەکانمەوە کە لە کتێبخانەکەتدا دڵتەنگن
بگریت و بگریت و بگریت و بگریت.
دەبێت بەبێ تۆ سێو بخۆم
بەبێ تۆ گێلاس و
ترێ بکەم بە شەربەت
بەبێ تۆ پەرداخە ئاوەکان بخۆمەوە و
چارەکە عارەقەکان لە گیرفانم بنێم
بەبێ تۆ بیری خۆم بکەم



کە لە ڕابردوودا بەجێماوم و
لە ئاییندەدا کەوتووم.

دەبێت بەبێ تۆ بگریم و
تۆ نەبیت فرمێسکەکانم بە خەونەکانت ڕەنگ بکەیت
ئاوێنەکان بشکێنم و
دەرگاکان بخەمە سەرپشت
ببمە کوڕی ناو باڕ و
تاریکایی جادەکان
کوڕی کەوتووی ناو پارکەکان
کوڕی بەردەم شەقی پۆلیس و
پاسەوانی مارکێتەکان.
دەبێت بیری شەوانێک بکەم
کە تۆ پاش خوێندنەوەی شیعرێکی دیکە لە دیوانەکەی
سڕینی تۆزی سەر گەڵای ئینجانەکانت و
هێنانی بەرداخێک ئاو و
دوو دەنک هەنجیری تەڕ
بۆ تەنیشت لامپەکەی ژوورسەرم
نوێنەکانمت پڕدەکرد لە بۆنی پێستت
تا بەیانی لە ناوتدا دەنووستم.

دەبێت بیری ڕۆژانی ناو کافتریاکان بکەم
ڕۆژانی دانیشتنی ناو باخچەی گشتی



ڕۆژانی دەستگرتنی ناو تاکسییەکان
ڕۆژانی بۆیەکردنی نینۆکەکانت بە خوێنی دڵم
ڕۆژانی ماچکردنی خێرای سەر شەقامەکان و
باوەش بە یەکداکردنی ناو باڕەکان.

بەدبەختە ئەو مرۆڤەی
سزادراوە بە بیرکردنی ڕۆژانێک
کە هەرگیز نایەنەوە
بەدبەختە ئەو مرۆڤەی
ڕۆژانێکی نییە بیریان بکات و
داخیان بۆ بخوات کە هەرگیز نایەنەوە.

فریوی کەشتیوانەکانی دەربازبوون مەخۆ
ژیان لەمە باشتر نابێت
با ڕۆژانێک نەبن بیرکردنت سەرم کون بکات.
دەستت مەدەرە دەست قاچاخچییەکانی خەیاڵ
وشە لەوە جوانتر نافڕێت
با ڕۆژانێک نەبن لە خەونەکانت ڕابکەم.

باوەڕ بە درۆی پیاوە شاعیرەکان مەکە
دونیا بە قسەی کەس چاک نابێت
با ڕۆژانێک نەبن برینەکانمت بۆ بکەمە ملوانکە.



من مۆدێلی تازەی مرۆڤ  نیم
کێشەم کۆمپانیای ئەپڵ نییە
کێشەم ستایڵی جل و بەرگ و
مارکەی بۆن و
جۆرەکانی ئۆتۆمۆبێل نییە
من کێشەم داخستنی پەنجەرەکەتە
کە بەری هەتاومان لێدەگرێت و
ڕێگە نادات تیشکەکانی لەسەر جەستەت بدرەوشێنەوە

ئەم لاپەڕەیە هەڵمەدەرەوە
من خەریکم قسەت بۆ دەکەم
خەریکم بەبێ پەردە
بەبێ تێل
بەبێ نێت و دوگمە
بەبێ کۆندۆم
بەبێ کلیک و ئینتەر
ئەم شیعرە دەنووسم.





## داستان بەرزان

-ساڵی 1987 لە سلێمانی لە دایکبووە.

-دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی سلێمانیە.

-ئێستا خوێندکاری دوا قۆناغی کۆلێژی هونەرە لە زانکۆی سەلاحەدین بەشی شانۆ، لقی دەرهێنان.

-خاوەنی سێ چاپکراوی شیعرییە بە ناوەکانی (تۆم هەبێت)، (خودێکی پەرتبوو)، (بووم بە ژێر رۆژە خێراکانی مۆدێرنەوە).

-کۆمەڵە شیعرێکیشی ئامادەیە بۆ چاپ بە ناوی (ئەستێرەکان برینی مرۆڤن).